## ئینتیمای پیشەیی لە نێو ئەندامانی دەستەی وانەبێژی زانکۆی ڕاپەڕین

م.ی. روخسار محمد عمر

-زانکۆی ڕاپەڕین / سکوڵی پەرستار

تاريخ استلام البحث ٢٠١٦/٤/٢٥ تاريخ قبول النشر ٢٠١٦/١١/٢٤

# الانتماء المهني لدى اعضاء هيأة التدريس في جامعة رابرين

**المستخلص**

يهدف هذا البحث لمعرفة مستوى الانتماء المهني لدى الهيئة التدريسية في جامعة رابرين، وبيان اثر كل واحدة من هذه المتغيرات ((الجنس، المؤهل العلمي، الرتبة العلمية، الخبرة الإدارية، المركز الوظيفي) على مستوى الانتماء الوظيفي لدى الهيئة التدريسية في جامعة رابرين. ويتكون مجمتمع البحث من جميع أعضاء الهيئة التدريسية في جامعة رابرين للسنة الدراسية(٢٠١٣-٢٠١٤)، البالغ عددهم (٢٢٦) تدريسي سواء اكانوا بصفة ملاك، ام عقود، ام تنسيب، ولكن المتخصصون في التدر يس والمحاضرة، يصل عددهم الى (١٥٤) مدرس، ويكونون غالبية عينة البحث.

ويتكون عينة البحث من (٤٩) عضوا من اعضاء الهيئة التدريسية، والذين تم اختيارهم من مختلف الطبقات بطريقة عشوائية الطبقية البسيطة بنسبة (٣٢%) من مختلف أقسام كليات جامعة رابرين. ولتحقيق نتائج البحث أستخدمت الباحثة أستبانا مأخوذا من الدراسات و الادبيات التربوية والمتكونة من (٢٦) فقرة لقياس مستوى الانتماء المهني.

ولقياس مستوى الانتماء المهني في البحث باستخدام المتوسط الحسابي ، الانحراف المعياري، النسبة المئوية ، ومعامل ارتباط (spearman) كشف بان مستوى الانتماء المهني عال عن تدريسى الجامعة بنسبة (٧٥,١١%)، وتبين الدراسة بان عدم وجود علاقة ارتباط موجبة بين مستوى الانتماء المهني والعوامل الديموغرافية.

من اهم توصيات البحث: من الضروري ان تضع وزراة التعليم العالي والبحث العلمي للتطوير الاداري، والذي فيه يتم تجديد أنظمة جامعة جامعة رابرين لتغطية احتياجات المنتسبين، وهذا يكون سببا لتحديد اسباب الاستقرار الامني، والوظيفي، وتحقيق العدالة الموضوعية. تشكيل لجنة للنظر في نتائج هذا البحث، ومتابعة الطرائق التي يمكن لرئاسة الجامعة ان تتبعها لرفع المستوى الانتماء المهني لتدريسيه(المحاضرين خاصة)، ودعم المستوى العالي له، وهذا يتم عن طريق توفير المستلزمات واالاحتياجات للوصول الى مستوى عال من الرضا.

## پوختەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی زانینی ئاستی ئینتیمای پیشەیی یە لای دەستەی وانەبێژانی زانكۆی ڕاپەرین و، دەرخستنی ڕۆڵی هەریەك لە گۆڕاوەكانی( ڕەگەز، لێهاتوویی زانستی،شارەزایی، پلەی زانستی، شارەزایی ئیداری، پێگەی وەزیفی) لەسەر ئاستی ئینتمای وەزیفی لای دەستەی وانەبێژانی زانكۆی ڕاپەرین. كۆمەڵگای توێژینەوەكە پێك دێت لە (٢٣٦) مامۆستا لە زانكۆی ڕاپەرین بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٣-٢٠١٤ بە میلاك و تەنسیب و گرێبەستەوە بەڵام ئەوانەی كە كاریان وانەبێژیە ژمارەیان (١٥٤) مامۆستایە، كە زۆرینەی نموونەی ئەم توێژینەوەیە پێك دەهێنن.

نموونەی توێژینەوەكە (٤٩) ئەندامی دەستەی وانە گووتنەوەیە، كە بەڕێگای هەرەمەكی چینایەتی سادە وەرگیراون بەڕێژەی لە (٣٢٪) لە بەشە جیاوازەكانی سكوڵ و فاكەڵتیەكانی زانكۆی ڕاپەرین. بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەكانی ئەم توێژینەوەیە، توێژەر پرسیارنامەیەكی بەكارهێناوە كە وەرگیراوە لە دراسات و ئەدەبی پەروەردەیی كە پێكهاتووە لە (٣٦) دەستەواژە بۆ پێوانی ئاستی ئینتیمای پیشەیی. بە بەكارهێنانی ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری ڕێژەی سەدی و و فاكتەری پەیوەندی (spearman correlation).لە توێژینەوەكە دەركەوت كە ئاستی ئینتیمای پیشەیی لە ئاستێكی بەرزدایەبە ڕێژەی لە (٧٥.١١٪) لای وانەبێژانی زانكۆ و، هیچ پەیوەندی و پەیوەستیەكی پۆزەتیڤ نیە لەنێوان ئاستی ئینتیمایی پیشەیی و فاكتەرە دیمۆگرافیەكان.

لە گرنگترین ڕاسپاردەكانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە كە، وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی پلانی پەرەپێدانی ئیداری دابنێت كە تێیدا سیستەمی زانكۆكان (ڕاپەرین) نوێ بكاتەوەو پێویستی كارمەندەكان پڕبكاتەوە . ئەمەش دەبێتە هۆی فەراهەم بوونی هۆكارەكانی سەقامگیری و ئاسایشی وەزیفی و دادپەروەری و مەوزوعیەت. هەروەها لیژنەیەك لە زانكۆ پێك بهێنرێت بۆ چاوخشاندن بە ئەنجامەكانی ئەم توێژینەوەیە پاشان بەدواداچوونی ئەو ڕێوشوێنانەی كە بەهۆیەوە سەرۆكایەتی زانكۆ بتوانێ ئاستی ئینتیمای پیشەیی مامۆستاكانی (وانەبێژەكانی) باشتر بكات و پاڵپشتی لە ئاست بەرزییەكەی بكات. ئەمەش لەڕێگەی دابین كردنی پێویستیەكانیان تاوەكو بگەنە ئاستێكی باشتری ڕازیبوون.

## یەكەم: كێشەی توێژینەوەو گرنگی یەكەی

### كێشەی توێژینەوە:

زانكۆ بە گرنگترین دامەزارەوەی پەروەدەیی دادەنرێت لە سەردەمی ئێستادا و، ئەم گرنگیەش پشت دەبەستێت بە گرنگی ئەو ڕۆڵە فێركارییەی زانكۆ دەیگێرێت لە ژیانی ولاتانی پێشكەوتوو، لەسەروویانەوە ولاتە تازە گەشەسەندووەكان چونكە بەرپرسیارێتیەكەی گەورەترە لەم ولاتانە. (دایك) وای دەبینێ كە زانكۆ لەو ولاتانە بە وێژدانی نەتەوە دادەنرێ، چونكە ڕابەر و پێشەوا لە بوارە جیاوازەكان ئامادە و پەروەردە دەكات و، ئاڕاستەی كۆمەڵگا دەكات لەڕووی بەهاوە كە ئەمەش وا لە ڕۆڵەكەی دەكات كاربكاتە سەر كۆمەڵگا بە شێوەیەكی سەرەكی (الجرباوی: ١٩٨٦:١٦).

زانكۆ لوتكەی هەرەمی فێركردنە، نەك تەنها لەبەر ئەوەی دواین قۆناغی سیستەمی فێركردنی فەرمیە و بەس، بەڵكو لەبەر ئەوەی هەڵدەستێت بە ئەركێكی ترسناك لە دروستكردنی لاوان لە ڕووی فكری و ویژدانی و ئینتیماوە، تەنانەت پێشەوا یاخود ڕابەر لە دەرچووانی زانكۆ دەردەكەون لە كۆمەڵگا لە بوارە جیاوازەكان، كە ئەمەش پێشكەوتن و جێگیری كۆمەڵگای لەسەر دەڕوات (عمار ،١٩٩٦:٢٢). بوسەینی و ئەلعەرەبی (١٩٩٣) جەخت لەسەر ئەوە دەكەنەوە كەوا زانكۆ بەشێكی گرنگ لە پرۆسەی پەروەدە پێك دەهێنێت، لەبەر ئەمە پێویستە جەخت لەسەر سەركەوتنی پرۆسەی فێركردن لە زانكۆ بكرێتەوە، كە توانای چەندە لە بەدەستێهنانی ئامانجەكانی، ئەمەش بە پلەی یەك دەوەستێتە سەر توانا و لێهاتوویی ئەو ئەندامانەی كە وانەی تێدا دەڵێنەوە و دابین كردنی توانای ماددی و ئیداری پێویست بۆی.

ئینتیمای پیشەیی سیمایەكی گروپی هەیە لەكاتێكدا سیفەتێكی تاكیە و، دیاردەیەكی دەروونی كۆمەڵایەتیە وەك هەموو ئەو دیاردانەی كە ناكرێت ڕاستەوخۆ تێبینی بكرێن چونكە لەناخ و دەروونی مرۆڤدایە، وە دەكرێت هەستی پێ بكرێت لە میانەی شوێنەوار و ئەنجامەكەی، ئەمەش مەرجی گروپی كاركردنە بەیەكەوە لەیەك كاردا لەگەڵ یەكتر، كە تێیدا تاكەكان بەیەكەوە پەیوەست دەكات بە كۆمەڵێك ئامانج و مەبەستی دیاریكراو و ڕوون بەو شێوەیەی كە تاك هەست بە گرنگی ئەم مەبەستانە بكات و، خۆی لەگەڵ بگونجێنی و هەوڵی بەدەستهێنان و سەركەوتنی بدات و لەگەڵ ئامانج و مەبەستەكانی خۆی یەكی بخات. بۆیە زۆربەی دراسات و توێژینەوەكان جەخت لەسەر ئەوە دەكەنەوە كەوا پێشكەوتنی هەر دامەزراوەیەك بەندە بە بەرزی ئاستی ئینتیمای پیشەیی ئەندامانی ئەم دامەزراوەیە، وە بەرەو پێشچوون و بەدەستهێنانی دەسكەوتی ماددی و مرۆیی لەهەر زانكۆیەك لەسەر ئینتیمای مامۆستایانی وانەبێژ دەوەستێت، بۆیە بوونی ئینتیمای پیشەیی و بەرزی ئاستەكەی پێویستیەكی حەتمیە بۆ دەسكەوت و داهێنانی زانستی و پەروەردەیی و كۆمەڵایەتی. بۆیە لە پێناو دڵنیایی ودڵسۆزی و دەست پاكی مامۆستایان و، بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەكانی كۆمەڵگا و دروستكردنی ژینگەیەكی پەروەردەیی كارا كە بە ئامانجی سەرەكی خوێندنی باڵا دادەنرێت، توێژەر وایبینی كە توێژینەوە، لە ئاستی ئینتیمای پیشەیی لای دەستەی وانەبێژانی زانكۆی ڕاپەرین بابەتێكی گرنگە و شایستەی توێژینەوەیە بۆیە پێویستە دراسە بكرێت لە ژێر ڕۆشنایی میتۆدێكی ڕوون و تایبەت، كێشەی توێژینەوەكە هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە دەدات:

١. پلەی ئینتیمای پیشەیی لای دەستەی وانەبێژانی زانكۆی ڕاپەرین چەندە؟
٢. ڕۆڵی گۆڕاوەكانی ( ڕەگەز، لێهاتوویی زانستی،شارەزایی، پلەی زانستی، شارەزایی ئیداری، پێگەی وەزیفی) چیە و كاریگەریان لەسەر ئینتیمای پیشەیی لای دەستەی وانەبێژانی زانكۆی ڕاپەرین چیە؟

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە تیشك دەخاتە سەر بابەتێك ئەویش ئینتمایی پیشەییە، كە ڕەگەزێكی زۆر گرنگە و پێویستە لە هەموو دامەزراوەیەكی سەركەوتوو بوونی هەبێت و، هەموو دامەزراوەیەكیش بۆ سەركەوتنی خۆی لە ڕیز بەندی یەكەمی كارەكانی دایدەنێ. لەبەر ئەوەی مامۆستای زانكۆ بەتایبەتیش ئەندامانی دەستەی وانەبیژی كە بنەما و گەشە و پەرەسەندنی كۆمەڵگەن و ئەساسی ئەم نەتەوەن، تاك پەروەردە دەكەن بۆ ئەم نیشتیمانە.

دەكرێ بەم شێوەیەی خوارەوە گرنگی ئەم توێژینەوە بخرێتەڕوو:

١. به پێی زانیارییەکانی توێژەر ئەم توێژینەوەیە یەکەم توێژینەوەیە کە گرنگی بە دراسەی ئاستی ئینتیمای پیشەیی لای دەستەی وانەبێژانی زانکۆی ڕاپەرین بدات.
٢. بەهۆی ئەنجامەکانی توێژینەوە وا چاوەروان دەکرێت ئاستی ئینتیمای پیشەیی یە لای دەستەی وانەبێژانی زانکۆی ڕاپەرین بزانرێت.
٣. وا چاوەروان دەکرێت لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ڕوڵی هەریەك لە گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، لێهاتوویی زانستی، پلەی زانستی، شارەزایی ئیداری، پێگەی وەزیفی) و، کاریگەریان لەسەر ئینتیمای پیشەیی لای دەستەی وانەبێژانی زانکۆی ڕاپەرین بزانین.
٤. وا چاوەروان دەکرێت لە میانەی چوارچێوەی تیۆری ئەم توێژینەوەو، ئەو ئەنجامانەی کە پێی دەگات یارمەتیدەر بێ بۆ توێژەران لە بواری ئیدارە و بەتایبەتی ئیدارەی پەروەردەیی بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی نوێ لەم بوارە.

**ئامانجەکانی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵی بە دەستهێنانی ئەم ئامانجانە دەدات:

١. ناسینی پلەی ئینتیمای پیشەیی لای دەستەی وانەبێژانی زانکۆی ڕاپەرین.
٢. دیاریکردنی پەیوەندی ئەم گۆڕاوانە (ڕەگەز، لێهاتوویی زانستی، پلەی زانستی، شارەزایی ئیداری، پێگەی وەزیفی) بە ئینتیمای پیشەیی لای دەستەی وانەبێژانی زانکۆی ڕاپەرین.

**گریمانی توێژینەوە Research Hypothesis**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵی گەڕان بەدوای ئەم گریمانە نەبوونیە ( فرجیە الصفریە) دەدات :

هیچ جیاوازییەکی ئاماری ئاماژەدار لە ئاستی ئاماژەی مەعنەوی ($\alpha$ =٠.٠٥) نیە لە پلەی ئینتیمایی پیشەیی لای دەستەی وانەبێژانی زانکۆی ڕاپەرین بۆ گۆڕاوەکانی( ڕەگەز، لێهاتوویی زانستی، شارەزایی ئیداری، پلەی زانستی، پێگەی وەزیفی).

**سنوری توێژینەوە**

سنوری توێژینەوە بەم شێوەیە دیاریکراوە:

ڕەهەندی کاتی: ئەم توێژینەوەیە لە وەرزی دووەمی ساڵی ( ٢٠١٣-٢٠١٤) ئەنجامدارەوە.

ڕەهەندی شوێنی: ئەم توێژینەوەیە لە زانکۆی ڕاپەرین ئەنجامدراوە لە ڕانیە/سلێمانی.

ڕەهەندی مرۆیی: ئەم توێژینەوەیە لەسەر نموونەیەکی هەڕەمەکی لە دەستەی وانەبێژانی زانکۆی ڕاپەرین کراوە، هەر کەسێك کە هەڵگری بڕوانامەی ماستەر یان دکتۆرا بێت.

ڕەهەندی ئامراز (پێوانە،پێوەر): پێوانە یان پێوەری توێژینەوە دادەنرێت لەو دیاریکەرانەی (محددات) کە کار دەکاتە سەر ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە.

## چەمکەکانی توێژینەوە

## ئینتیمای پیشەیی Job Commitment

دیاردەیەکە ڕوودەدات لە ئەنجامی پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕ لە نێوان تاك و دامەزراوە، بیروباوەڕێکی بەهێز و پەسندە لەلایەن تاك بۆ بەدەستهێنانی ئامانج و بەهاکانی دامەزراوە، کە حەز دەکات هەموو هەوڵێك پێشکەش بکات لەپێناو

بەرژەوەندی ئەو دامەزراوەی کە کاری بۆ دەکات ئەمە جگە لەو ئارەزووە بەهێزەی کە هەیەتی و دەیەوێت بەردەوامی بە مانەوەو ئەندامیەتی بدات لەو دامەزراوەیە ( خگاب: ٢٠٠١: ٢،١٤٥).

پێناسەی ئیجرائی: مەبەست لێی ئەو پلەیەیە کەوا دیاری دەکرێت بەهۆی پێوەری ئامادە کراوە بە پێی ڕێگەی لیکرتی پێنج پلەیی.

ئەندامانی دەستەی وانەبێژی: هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کەوا هەڵگری بڕوانامەی ماستەرو دکتۆران لە زانکۆی ڕاپەرین لەبواری وانەگووتنەوەو بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٣-٢٠١٤) وانەیان گوتۆتەوە.

## دووەم: چوارچیوەی تیۆری و توێژینەوەکانی رابردوو

## چەمك و سەرچاوەكان

بیرمەندە ئیدارییەکان ئاماژەیان بەوە کردووە کەوا تاك بە شێوەیەکی گشتی ڕەگەزێکی سەرەکیە لە دامەزراوە و، یارمەتی دەدات لە بەدەستهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکانی دامەزراوە. لەبەر ئەمە تیشك خراوەتە سەر ئەم ڕەگەزە و دراسەی ڕەفتارەکانی و کارتێکردنی ئەم رەفتارە، بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ ڕەفتاری دامەزراوە، بێگومان گۆڕاوی جۆراوجۆر هەیە بۆ کاردەکەنە سەر ڕەفتاری تاك، ئەم گۆڕاوانە لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر جیاوازن، لەکاتی توێژینەوە لە ئینتیمای پیشەیی مەفهووم و چەمکی زۆر هەن کە زەحمەتە جیاوازی بکرێت لە نێوانیان، هەروەها گۆڕاوی جۆراوجۆر هەن کە کاردەکەنە سەر ئینتیمای پیشەیی، توێژەران لە دەستپێکی کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکان گرنگیان زیاتر بە ئینتیمای پیشەیی داوە ( Carry: et.al, ١٩٧٩:٦).

١. چەمکی ئینتماو ئینتمای پیشەیی

ئینتیما لەڕووی زمانەوانیەوە ئاماژە بە ئارەزوو و پابەندبوون یان پەسەندکردن یان ئامادەباشی و خۆشەویستی دەکات. زانایانی کۆمەڵناسی پێشوو توێژینەوەیان لەم بوارە کردووەو پێیان وایە، مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە لەگەڵ ئەوانی تر دەژی و، کۆمەڵگا بەیەکەیانەوە دەبەستێت و هەست بە متمانە و بەرپرسیاێتی دەکەن بەرامبەر بە یەکترو ئینتیمایان بۆ ئەو کۆمەڵگەیە هەیە کە تێیدا دەژین.

لێرەوە دەردەکەوێت کەوا ئینتیمای پیشەیی بەشێکە لە ئینتمای کۆمەڵایەتی گشتی کە خۆی دەبینێتەوە لە گەشەپێدانی هەست و سۆزی تاك بەرامبەر بەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا دەژی .

لۆپانس (Luthans, ١٩٩٢:١٢٤) دەڵێت ئینتیمای پیشەیی هەڵوێستێکی مرۆڤانەی پۆزەتیڤە کە بەدەست دێت بە کردەوەی دڵسۆزانەی کارمەندەکان بۆ دامەزراوەکانیان وبەردەوامیەتی چالاکیەکانیان بۆی و، بەشێوەیەکی بەهێز پێوەی پەیوەستن و، هەوڵی بە سەرکەوتوو هێشتنەوەی دەدەن.

توێژەر گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کەوا ئینتیمای پیشەیی دەستەواژەیەکە لە گونجان و هەست و سۆزی پۆزەتیف لای فەرمانبەر لەبارەی ئەو دامەزراوە ئیدارییەی کە کاری تێدا دەکات و پابەندە بە بەهاکان و دڵسۆزە بۆ ئامانجەکانی پەیوەستە پێوەی، پێداگرە لەسەر بەجێ نەهێشتنی و مانەوەی تێیدا و، شانازی پێوە دەکات و گونجان کارلێك دروست دەکات لە نێوان ئامانجەکانی دامەزراوە و ئامانجەکانی خۆی.

**٢. مامۆستای زانکۆ**


(درە) دەڵێت ئەو ڕەگەزە مرۆییە کە جەخت لەسەر مەعریفە دەکات و پەرەی پێدەدات و بلاوی دەکاتەوە و، پرۆگرامی خزمەت کردنی کۆمەڵگا جێ بەجێ دەکات. هەروەها لەسەر شانیەتی هەڵسێت بە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەو پەرەپێدان لە زانکۆ و کۆمەڵگا (درە، ٢٠٠١: ٨٤).

لەبەر ڕۆشنایی ئەم پێناسەیەی سەرەوە توێژەر پێناسەیەکی تیۆری گونجاو بۆ مامۆستای زانکۆ دادەنێت بەم شێوەیە: "وانەبێژی زانکۆیە کە هەڵگری بڕوانامەی ماستەر یان دکتۆرایە لە زانکۆی ڕاپەرین و ممارسەی پیشەی وانەبێژی دەکات".

**فاکتەرە یارمەتیدەرکانی دروستبوونی ئینتیمای پیشەیی و ڕەفتارو دەرئەنجامەکانی:**

**Factors that help in the formation of professional affiliation, and the resulting behaviour:**

پرۆسەی دروستبوونی ئینتیمای پیشەیی لای تاکەکان پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و ڕەهەندی جیاوازو بەیەکداچوو و کارتێکەری هەیە. بۆچوونەکانیش جۆراوجۆرن لەبارەی ئەو فاکتەرانەی کە دەبنە هۆی دروستبوونی ئینتیمای پیشەیی بەهۆی جیاوازی ئەو کۆمەڵگایانەی کە ئەم توێژینەوانەی تێدا ئەنجامدەدرێ. زۆر لە بیرمەندەکان هەڵساون بە داڕشتنی نموونەیەك کە بە دوای ئەو فاکتەرانەدا دەگەڕێ کە هۆکارن بۆ دروستبوونی ئینتیماو ڕوونکردنەوەی ئەو ڕەفتارانەی کە دەردەچێت لە تاکەکانەوە لە ئەنجامی ئەمە. لەو نموونانە ، نموونەی ستیرز (Steers) کە لە ساڵی (١٩٧٧) دایناوە کە تێیدا ئەو فاکتەرانە دەردەکەوێت کە کار لە دروستبوونی ئینتیمای پیشەی دەکەن لای تاك و ئەو ئەنجامەی لەو ڕەفتارە دەردەچێت. ئەو فاکتەرو ڕەفتارانەش بە گروپ پۆلێن کراوە بەم شێوەیەی خوارەوە




شێوەی ژمارە (١)

ئین پوت و ئاوت پوتی ئینتیمای پیشەیی لای ستیرز

## سیماکانی ئینتیمای پیشەیی

ماودی و ستیرز (Mowday& Steers, ١٩٧٩: ٢٢٤- ٢٤٧ ) وای دادەنێن کە ئینتیمای پیشەیی ئاراستەیەکە پەیوەندیدارە بە پێویستی (Needs) کە لە رێگەیەوە مرۆڤ گوزارشت لە خۆی دەکات و، بەشێکە لەو دامەزراوەیە و پابەندە بە ئەندامیەتی و بەهاو ئامانجەکانی. سیماکانی ئینتیمایان بە بوونی سێ فاکتەر جیاکردۆتەوە:

- باوەڕی بەهێز و قبوڵکردنی بەها و ئامانجەکانی رێکخراوە.
- بوونی حەزێکی زۆر بۆ پارێزگاریکردن لە ئەندامیەتی بۆ رێکخراوە.
- ئارەزووکردن لە هەوڵدانی زۆر لە بەرژەوەندی رێکخراوە

## کاریگەری ئینتیما لەسەر وورەی (معنویە) کارمەندان:

مەبەست لە معنویەت (Morale) بریتی یە لە حاڵەتێکی دەروونی و دەماری و ژیری تاکەکانی گروپێکە کە کۆنتڕۆڵی رەفتارو هەڵسوکەوتیان دەکات و کاریان تێدەکات، جەخت لەسەر حەزو و ئارەزوویان دەکات بۆ هاوکاری کردن. بە مانایەکی تر

مەعنەویەت چەمكێكی گشتییە كە ئاماژە بە هەموو هەستەكان یان سەرجەم هەستەكان (Feelings) و ئاڕاستەكان (Attitudes) و سۆزەكان (Sentiments) دەكات، وە حوكم بە هەڵسوكەوتی تاكەكان دەكات. هەروەك چۆن تەندروستی گشتی ئاماژە بە حاڵەتی جەستەیی تاك دەكات ئاواش معنەویەت ئاماژەیە بۆ حاڵەتێكی دەروونی و دەماری و ژیریی تاك (هاشم،١٩٧٩: ٥٥).

حالەتی مەعنەوی لای كارمەندانی ڕێكخراوە دەوەستێتە سەر واقعی ئارەزوو و ئامادەباشیان كە دەریدەخەن لەبارەی كارەكەیان و لەبارەی بەرپرسەكانیان و هاوڕێكانیان و لەبارەی ئامانجەكانی دامەزراوە بە شێوەیەكی گشتی. ڕۆحی مەعنەوی ڕەگەزێكە بەرجەستە نیە (Intangible) دەرناكەوێت بەرێگەیەكی راستەوخۆ بەڵكو لەرێگەی دیاردەكانەوە ڕەنگ دەداتەوە. كەواتە رۆحی مەعنەوی باش (Good morale) ڕەنگدانەوەی دیاردە دیارەكانی وەك جۆش و خرۆشی كارمەندان و زۆر گرنگی دانیانە بە كارەكانیان و، دەرخستنی رۆحی دەستپێشخەری و داهێنان و نوێنەرایتی كردنی خۆبەخشانەیانە بۆ رێنمایی و ئارەزوویەكی ئیختیاری بۆ هاوكاریكردنی ئەوانی تر و، یەكخستنی ئامانجە كەسیەكانی خۆی لەگەڵ ئامانجەكانی دامەزراوە. هەروەها هەست بە شانازی دەكات كە ئینتیمای بۆ ئەو دامەزراوەیە هەیە كە كاری تێدا دەكا. بەم شێوەیە دەردەكەوێ لە ئەنجامی ئەمەدا كە ڕێكخراوەكان گرنگی بە كارمەندەكانی دەدات لەپێناو دروستكردنی ولائو ئینتیما. بۆیە زیادبوونی ئینتیما جێگیری لەناو ڕێكخراو ە یا دامەزراوە بلاّو دەكاتەوە بەلاّم لاوازبوونی كێشەی زۆر دروست دەكات، وەك مان گرتن و شلەژان و دزی و تێكدان و كاولكردن و گوێ پێنەدان دەبنە دروشمی كاركردن لای تاكەكان (Steers, ١٩٧٧:٥٩).

### ئەو پێویستیانەی كە كاردەكانە سەر زیادكردنی ئینتیمای پیشەیی لای كارمەندان

هەندێك لەو توێژینەوانەی كە دراسەی ئینتیمای پیشەییان كردووە لای كارمەندان وەك عورەتانی(٢٠٠٣) و الگاهر (١٩٩٨)، ئاماژەیان بەو پێویستیانە كردووە كە دەبنە هۆی زیادبوونی ئاستی ئینتیمای پیشەیی لای كارمەندان:

١. گرنگی دان بەباشكردنی بارودۆخی رێكخراوەیی

كارمەندان و ئەو رێكخراوانەشی كە كاریشی تێدا دەكەن هەوڵ ئەوە دەدەن بارودۆخیكی باشی رێكخراوەیی بۆ هەردوولا دەستەبەر بكەن، لەبەر ئەوەی دەستەواژەی كەش و هەوای رێكخراوەیی یان دامەزراوە ئاماژەیەكە بۆ ژمارەیەك تایبەتمەندی ناوەكی بۆ ژینگە كە پلەیەك جێگیری و سەقامگیری لەخۆ دەگرێت، كە كارمەندەكان درکی پێدەکەن و تێی دەگەن و ڕەنگدەداتەوە لە بەها و ئاڕاستەكانیان (القریونی، ١٩٨٩). ئەمەش شتێكی ئاشكرایە كەوا كەش و هەوا یاخود ژینگەی دامەزراوەكان لەڕووی دەسەلاّتەوە زاڵن و خەفەكەر و دامركێنن بۆ مەعنویاتی كارمەندەكانی. هەروەها بەوە دەناسرێن كە بەرپرسیارێتیان نیە، ئەو دامەزراوانە كار بۆ خۆ دزینەوە (Leakage) لە كارمەندەكانی دەكات و پلەی وەلائو ئینتیمای پیشەیی لای كارمەندان كەم دەكاتەوە، لەبەر ئەمە پێویستە دامەزاروەكان كار بكەن بۆ دروستكردنی ژینگەیەكی پیشەیی یان رێكخستنی باش بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەكان و گرنگی دان بە مرۆڤ لەپێناو گەشەپێدانی ئینتیمای پیشەی لای كارمەندان (المعانی،١٩٩٠ : ٣٩-٦٨).

٢. یارمەتی دانی كارمەندان لە تێكردنی پێویستیە مرۆییەكان

تاك لەو كاتەی کە پەیوەندی دەکات بە کارەکەیەوە لە هەر دامەزراوەیەك پابەندە بە خۆی و لایەنی ئابووری، تەنها لایەنە ماددیەکەی ناوێت بەڵکو، ئاسایش و ڕێز و پلە و پێگەی پێویستە لەو دامەزراوەی کە کاری تێدا دەکات، تا ئەوەی دەیەوێت بەدەستی بهێنی لە دلسۆزی و ئینتیما لەلایەن تاکەکانەوە. ئەگەر هاتوو دامەزراوە لایەنی ماددی جێبەجێکرد بەبێ ئەوەی گوێ بداتە پابەندی دەروونی و پشت گوێی بخات ئەوا دەبێتە هۆی نزمی ئاستی ئینتیمای کارمەندەکان وهەوڵی جێهێشتنی ئەو دامەزراوەیە دەدەن و دەگەڕێن بەدوای دامەزراوەیەك کە هاوسەنگی هەردوو لایەنەکە ماددی ودەروونیان ڕابگرێت (٢٢؛ Davis and Newstrom:١٩٨٥).

لێرەدا دەبینین کە شتێکی ئاساییە کارمەند هەوڵبدات بۆ تێرکردنی پێویستیەکانی لەو دامەزراوەیەی کەوا کاری بۆ دەکات، چونکە تاك هەمیشە هەوڵی تێرکردنی پێویستی ئاسایش و دڵنیایی و پێویستیە فسیۆلۆژییە بنەرەتیەکانی دەدات. هەروەها هەوڵی ئەوە دەدا کە ڕێزدار و خۆشەویست بێت، سەرباری ئەوەی دەیەوێت ئینتیمای بۆ گروپەکەی هەبێت بۆ بەدەستهێنانی خود، بۆیە هەر دامەزراوەیەك ئەو پێویستیانە بۆ کارمەندەکانی دابین نەکات ئەوا دامەزراوەیەکی سەرنەکەوتووە و سەرئەنجام کارمەندەکان ئەو دامەزراوەیە جێدەهێڵن و بەدوای شوێنێك دا دەگەڕێن کە پێویستیەکانیان تێربکات (الگاهر:١٩٩٨:٣٣).

٣. زۆر بەشداری پێکردنی کارمەند لە دامەزراوەدا

بەشداری وا دەناسرێ کە" هاوبەشی کردنی عەقلی و هەڵچوونی تاکە لەناو گروپدا لەمیانەی هەڵوێستی بە کۆمەڵی کە هانی دەدات بۆ بەشداری و هاوبەشی کردنی ئامانجە گروپیەکان یان وای لێدەکات بەشداربێ لەبەرپرسیارێتی کۆمەڵی". کەواتە دەردەکەوێت بەشداری پێکردنی کارمەندان دەبێتە هۆی زیادبوونی ئاستی ئینتیمای پیشەیی لە لایان، کاتێك ڕێکخراوەکە توشی کێشەیەك دەبێت وەك ئەوەی کارمەندەکان توشی کێشە بووبن. بۆ نموونە تاك دەڵێت "ئێمە" دامەزراوەکەمان تووشی کێشە هاتووە لە کاردا. واتە بە شێوەیەك باسی دەکەن کە خۆیان توشی کێشە هاتوون. بەم شێوەیە کارمەند توانا و حەزی زیاتری بۆ دروست دەبێت بۆ کاری بە کۆمەڵی و هاوبەش ئەمەش بۆ دامەزراوەیەك دەگەڕێتەوە کە ئەدائی زۆرباش بێت ( Davis and Newstrom,١٩٨٥).

٤. کارکردن بۆ دۆزینەوەی سیستەمێکی گونجاو لە هاندەرەکان

ڕۆزنهولتز ( Rozenholtz,١٩٩٠: ٢٤٤-٢٥٧ ) ئاماژە بەوە دەکات کەوا زۆربەی مامۆستایان بەهێزترین پاداشت بەدەست دێنن لە پەیوەندی ئەکادیمی سەرکەوتوو و پۆزەتیف لەگەڵ خوێندکاران و لە پێداهەڵگوتنی دەرەکی کە لەلایەن هاورێکانیان و بەڕێوەبەرکانیان پێیان دەگات. کەواتە نەبوونی پاداشتی مەعنەوی، قەناعەتی کارنەکردن لای مامۆستا دروست دەکات، وای لێدەکات نەیەتە سەرکارەکەی و واز لە پیشەکەی بهێنێت. سیستەمی هاندەریش پشت بە دوولایەن دەبەستێت؛ یەکەمیان، ئەم سیستەمە هاندەری ماددی و مەعنەوی لەخۆ بگرێت، دووەمیان، پێویستە ئەم سیستەمە ئاڕاستەی تاکەکان و گروپەکان بکرێت. لە توێژینەوەی مارش و ماناری ئەوە دەرکەوتووە ( Marsh & Mannari, ١٩٧٧: ٥٧-٧٥) کە ئەوەی پەیوەندیدارە بە ئینتیمای پیشەیی لای یابانیەکان ئەوەیە کاتێك ئینتیما زیاد دەکات کە ڕێکخراوە سیستەمێکی ئەکتیف جێبەجێ بکات بۆ هاندەر( المعانی،١٩٩٠: ٣٩-٦٨). ئەم ئاماژەیە وا لە دامەزراوە حکومیەکان دەکات کەوا کەمترین هاندەر بەکاردەهێنن لە

دامەزراوەكانیان، كە پێویستە پشت بە سیستەمی هاندەر ببەستێت لە پێناو گەرەنتی بۆ دروستكردنی ئینتیما و وەلائی لای كارمەندان لە دامەزراوە حكومیەكانی یابان.

5. روونی ئامانجەكان و دیاریكدرنی رۆڵەكان

هەرچەند ئامانجەكان ڕوون و ئاشكرابن ئەوا پلەی ئینتیمای پیشەیی لای كارمەندەكان زیاتر دەبێ. ڕوونی ئامانجەكان توانای كارمەندەكان زیاد دەكات لەسەر تێگەیشتن و بەدەستهینانی ئامانجەكان و، هەمان شتیش سەبارەت بە دیاریكردنی ڕۆڵەكان. پرۆسەی دیاریكردنی رۆڵەكان یارمەتی دروستكردنی ئینتیمای كارمەندان دەدات، ئەمە سەرباری ئەوەی جێگیری بەرپا دەكات و ململانێ دووردەخاتەوە. بە پێچەوانەوەشەوە ئەگەر ڕۆڵەكان دیاری نەكرێن، ئەوا ئالۆزی دروست دەبێت و دەبێتە هۆی دروست بوونی ململانێ لەناو دامەزراوە، جێگیری نامێنی و ناكۆكیەكان بەردەوام دەبن (عورتانی،٢٠٠٢: ٣٢).

٦. كاركردن لەسەر دروستكردنی رۆشنبیریی دامەزراوەیی

مەبەست لەم دەستەواژەیە ئەوەیەكە پێویستە ئامانجی هاوبەش بدۆزینەوە و دروست بكەین، پێویستی كارمەندان بەدەست بهێنین و بۆیان تێر بكەین و، وا تەماشایان بكەین و مامەڵەیان لەگەڵ بكەین كە ئەندامی یەك خێزانن. ئەوەی لێی بەرپرسە هەوڵی دروستكردن و چاندنی باشترین پێوەر بدات بۆ ئەدای ئەندامەكانی لەرێگەی ڕاهێنانی پێویست و گونجاو و دابین كردنی پلەو پایەی پێویست لە ڕێزگرتن لە نێوان تاكەكانی ئەم خێزانە (Hickman and Silva:١٩٨٤،٥٧).

لەم خستنەڕووەدا كە بۆ ئینتیمای پیشەیی كردمان دەردەكەوێت ئیدارەی هۆشیار مەودای نێگەتیفیەكەی چەندە لەسەر نەبوون یاخود لاوازی ئینتیمای پیشەیی لای تاكەكانی، لەبەرئەوەی ئینتیما تەنها بریتی نیە لە گوێڕایەڵی و مل كەچ بوون بەڵكو پاڵپشتی لە كاری چاك دەكات لە ناخی تاك بۆ بەها پۆزەتیڤەكان و ئەو ئامانجانەی كە ڕێكخراوەكە كاری بۆ دەكات. پێویستە ئاماژە بەوەش بكرێت كە هەموو شتێك سنوری دیاری كراوی خۆی هەیە، هەر كاتێك زۆر زیادی كرد ئەوا لە پۆزەتیڤەوە بەرەو نێگەتیفی دەچێت، هەر كاتێك ئینتیمای پیشەیی لە ئاستی پێویستی خۆی زیادی كرد دەبێتە هۆی دروستبوونی كارمەندێكی پەككەوتوو و نێگەتیف، لەو كاتەدا توندڕەوی بەرهەم دێنێت كە ئەویشیان دەبێتەی هۆی دروستبوونی ڕەفتاری دەمارگیرانە و حوكمی تاكڕەوانە و ناجێگیری و تەنانەت جێگریی و ڕەتكردنەوەی ڕای تاك لە كاروبارە جیاوازەكان.

## توێژینەوەكانی رابردوو

ئەو توێژینەوانە دەخەینەڕوو كەوا لە ئینتیمای پیشەییان كۆلیوەتەوە :

١. توێژینەوەی توێژەران رۆبرت مارش و مانارى (March & Mannari١٩٧٧)

توێژینەوەكەیان بە ناونیشانی "ئینتیمای پیشەیی و دەورانی كار" كە لەسەر نموونەیەكی ١١٠٠ كارمەندی لە بواری ئەلكترۆنیات ئەنجامدراوە، ئامانجی ناسینی ئەو هۆكارانە بووە كە وا لە كارمەندانی دامەزراوە یابانیەكان دەكات ڕێژەی دەورانی كاریان كەمتر بێت لە كارمەندانی دامەزراوە ئەمریكیەكان. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەرزی ئاستی ئینتیمای پیشەیی كارمەندە یابانیەكان و،

هۆكاری ئەم ئینتیمایەش بە پلەی سەرەكی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێگە بەرزەی كە كارمەندی یابانی بە دەستی دەهێنیت. ئەمەش لە ئەنجامدا وای لێدەكرد لە دامەرزاوەكە بمێنێتەوە، هەروەها بوونی هەلی فێركردن لە پەروەدە باشتر بوو لەوەی كە هەیە لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و، هەورەها دەركەوتووە پەیوەندییەكی پۆزەتیف لە نێوان كار و شارەزایی و لێهاتووی لە كاركردن هەیە.

٢. توێژینەوەی موریس وشیرمان (Morris & Sherman,١٩٨١):

بە ناونیشانی "سروشتی پەیوەندی نێوان ئینتیمایی (پیشەیی) و هەندێگ گۆڕاوی كەسایەتی". ئەنجامدراوە لەسەر نموونەیەك كە لە (٥٠٦) تاك پێكهاتبوو، توێژینەوەكە ئەوەی سەلماندووە كە پەیوەندییەكی مەعنەوی بەهێزو پۆزەتیف لە نێوان كارو ئینتیمای پیشەیی هەیە. بەو پێیەی كە چەند تەمەنی تاك زیاد بێت ئەوەندەش وەلائ و ئینتیمای بۆ پیشەكەی زیاتر دەبێت.

٣. توێژینەوەی كۆنگچان ئانانچای (Kongchan – Ananchai, ١٩٨٥):

بەناونیشانی "پەیوەندی نێوان وەلائی پیشەیی ئەندامانی دەستەی وانەبێژان لە كۆلێژەكانی بازرگانی لە دە (١٠) زانكۆ لە ویلایەتی ئاریزۆنا لە نێوان هەریەك لە ڕازیبوونی لە پیشە و رازیبوون لە پەیوەندیەكان " دەركەوتووە كە پەیوەندییەكی ئاماری ئاماژەدار هەیە لەنێوان وەلائی پیشەیی و هەریەك لە ڕازیبوون لە پیشە لەگەڵ تەمەن و، ڕازیبوون لەنێوان پەیوەندییەكان و تەمەن (Kongchan Ananchai, ١٩٨٥: ٣٧٧٤ ).

٤. توێژینەوەی ئەلبەكری (١٩٩٠)

بەناونیشانی "پەیوەندی نێوان درككردنی بەرێوەبەرەكانی قوتابخانە حكومیەكان بۆ ئەو هاندەرەی كە پێشكەشیان دەكرێت و وەلائی پیشەیی لە لایان" وكاریگەری هەریەك لە ساڵەكانی شارەزاییی و ڕەگەزو و لێهاتوویی زانستی و هەڵسەنگاندنی بەرێوەبەرەكان لە قوتابخانە حكومیەكان بۆ هاندەری ماددی و مەعنەوی و ئاستی وەلائی پیشەیی لە لایان، توێژینەوەكە ئەوەی دەرخستووە كە پەیوەندییەكی ئاماری ئاماژەدار لەنێوان وەلائی پیشەیی و هەڵسەنگاندنی تاكەكانی نموونە هەیە بۆ هاندەری ماددی و مەعنەوی، سەرباری بوونی پەیوەندیەكی ئاماری ئاماژەدار بە جیاوازی لێهاتوویی زانستی و بەجیاوازی شارەزایی و نەبوونی پەیوەندی ئاماری ئاماژەدار بۆ گۆڕاوی ڕەگەز (البكری:١٩٩٠: ٧٨-٩١).

٥. توێژینەوەی عورتانی (٢٠٠٣)

عەورەتانی لە توێژینەوەكەی بەناونیشانی " پەیوەندی نێوان وەلائی پیشەیی و جۆری ڕابەرایەتی لای ئیدارییەكانی وەزارەتەكانی دەسەڵاتی نیشتیمانی فەلەستینی"، كە ئامانجی ناسینی سروشتی پەیوەندی نێوان وەلائی پیشەیی و شێوازی قیادی لای ئیدارییەكانی وەزارەتەكانی دەسەڵاتی نیشتیمانی فەلەستینی یە، نموونەیەكی (٣٦٣) كارگێری گرتەوە لە وەزارەتە جیاوازەكان. توێژینەوەكە گەیشتە ئەم ئەنجامانە:

١. پلەی وەلائی پیشەیی لای ئیدارییەكانی وەزارەتەكانی دەسەڵاتی نیشتیمانی فەلەستینی زۆر بەرز بوو.

٢. جياوازی لەوەڵامی پیشەیی بە پێی گۆڕاوی رەگەز لەبەرژەوەندی رەگەزی نێر.

٣. دەرکەوت جیاوازی لە پلەی سەرجەمی(کلی) هەیە بۆ وەلامی پیشەیی بەپێی گۆڕاوی لێهاتوویی زانستی و لەبەرژەوەندی هەڵگرانی بڕوانامەی ماجستێر.

## بەشی سێیەم

## لایەنی مەیدانی توێژینەوە

میتۆدی تویژینەوە: توێژەر میتۆدی وەسفی مەیدانی بەکارهێناوە لەبەرئەوەی لەگەڵ سروشتی ئەم توێژینەوەیە و مەبەستەکانی گونجاوە. ئەم توێژینەوەیە پشتی بە پێوەری ڕازیبوونی وەزیفی توێژەر (الگاهر١٩٩٨) و (المعانی ١٩٩٠) بەستووە وەك ئامرازێك بۆ کۆکردنەوەی داتا.

کۆمەڵگەی توێژینەوە: کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتی یە لە ئەندامانی دەستەی وانەبێژی زانکۆی ڕاپەرین لە سلێمانی/رانیە، کە ژمارەیان (٢٢٦) ئەندامی دەستەی وانەبێژین بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٣-٢٠١٤).

نموونەی توێژینەوە: ئەم توێژینەوەیە لەسەر (١٥٤) ئەندامی دەستەی وانەبێژی ئەنجامدراوە لە زانکۆی ڕاپەرین بە ڕێژەی لە (٣٢٪)بە نزیککراوەیی لە کۆمەڵگەی توێژینەوە بە ڕێگەی هەرەمەکی چینایەتی سادە بەکارهاتووە.

خشتەی ژمارە (٢) چۆنیەتی دابەشبوونی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوە سەربەخۆکان ڕوون دەکاتەوە:

| گۆڕاوەکان | | ن | % |
|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | ٤٤ | ٩٠٪ |
| | مێ | ٥ | ١٠٪ |
| لێهاتووی زانستی | ماجستێر | ٣١ | ٦٣٪ |
| | دکتوراه | ١٨ | ٣٧٪ |
| پلەی زانستی | پرۆفیسۆر | ١ | ٢٪ |
| | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | ١١ | ٢٢٪ |
| | مامۆستا | ١٠ | ٢٠٪ |
| | مامۆستای یاریدەدەر | ٢٧ | ٥٥٪ |
| شارەزایی ئیداری | ٤ چوار ساڵ کەمتر | ٢٤ | ٤٩٪ |
| | لە ٥- ٨ ساڵ | ١٥ | ٣١٪ |
| | لە ٩-١٢ ساڵ | ٩ | ١٨٪ |
| | ١٣ساڵ زیاتر | ١ | ٢٪ |
| مەرکەزی وەزیفی | ئەندامی دەستەی وانەبێژی | ٣٠ | ٦١٪ |
| | سەرۆکی بەش | ١١ | ٢٢٪ |
| | ڕاگر یان بەڕێوەبەری سەنتەر | ١ | ٢٪ |
| | پیشەی تر | ٧ | ١٤٪ |

### *ئامرازی توێژینەوە:*

***ئامرازی توێژینەوە لە دوو بەش پێکهاتووە:***

یەکەمیان: پەیامێکی ڕوونکردنەوە لە خۆ دەگرێت بۆ ئەندامانی دەستەی وانەبێژی زانکۆی ڕاپەڕین لەبارەی ئامانجی توێژینەوەکە هەروەها ئەم گۆڕاوە پۆلێنکراوانەش (ڕەگەز، لێهاتووی زانستی، پلەی زانستی، شارەزایی ئیداری، مەرکەزی وەزیفی) لەخۆ دەگرێت.

بەشی دووەم : ئەم بەشە پرسیارنامەی "ئینتیمای پیشەیی" لەخۆ دەگرێت کە لە (٢٦) بڕگە پێکهاتووە و پێویستی بە وەڵامدانەوەی پلەداری لیکرتی ( ٥) پلەیی هەیە کە بریتین لە: زۆر ڕازیم (٥) ، ڕازیم (٤)، ڕام نیە (٣) ، نارازیم (٢) ، زۆر نارازیم (١). ئەمەش لە دراسات و توێژینەوەی ئەدەبی پەروەردەیی کە پەیوەندیان بەم بابەتەوە هەیە وەرگیراوەو لە هەردوو توێژەران الگاهر، (١٩٩٨) و المعانی (١٩٩٠) ئەویش دابەش کراوە بۆ پێنج ڕەهەند بۆ ئینتیمایی پیشەیی.

## راستگۆیی و جێگیریی پرسیارنامە

**توێژەر بۆ دەرهێنانی راستگۆیی پرسیارنامە ئەم ڕێگایەی بەکارهێناوە**

**راستگۆیی ناوەڕۆکی (صدق المحتوى) : ئەمەیان پلەی ڕاستگۆیی فۆرمی پرسیارنامەکە لەخۆ دەگرێت لەڕێگەی فاکتەرەکانی جێگیریی لەسەر بنەمای بوونی پەیوەندی و پەیوەستیەکی بەهێزی نێوان راستگۆیی ئامرازو جێگیرییەکەی ئەگەر پێوەر راستتگۆ بێت هەمیشە جێگیر دەبێت. بۆ دڵنیابوون لەمەش فاکتەرەکانی جێگیریی بۆ بڕگەکانی پرسیارنامەکە دەرهاتووە کە دەکاتە (٠.٧٥) بە پێی هاوکێشەی ئەلفا کرۆنباخ (Alpha-Cronbach) و، دوای ئەمە جێبەجێ کردنی ئەم هاوکیشەیەی خوارەوە: راستگۆیی= رەگی دووجای جێگیریی.**

**کە دەکاتە (٠.٨٦٦) بۆ جێگیری ئەلفا کرۆنباخ و، ئەمە بە فاکتەرێکی بەرزو دڵنیاکەری دادەنرێت بۆ هەڵسەنگاندنی فاکتەرەکانی راستگۆیی.**

## گۆراوەکانی توێژینەوە

**گۆراوەکانی ئەم توێژینەوەیە گۆراوی سەربەخۆ و شوێنکەوتە دەگرێتەوە بەم شێوەیە خوارەوە**

١. **گۆراوە سەربەخۆکان وەکو (رەگەز: نێر، مێ)، (لێهاتوویی زانستی: ماستەر، دکتۆرا)، (پلەی زانستی: پرۆفیسۆر، پرۆفیسۆری یاریدەردەر، مامۆستا، مامۆستای یاریدەدەر)، (شارەزایی ئیداری: (لە چوار ساڵ کەمتر، لە ٥-٨ساڵ، لە ٩ تا ١٢ ساڵ، لە ١٣ساڵ زیاتر)، (مەرکەزی وەزیفی: ئەندامی دەستەی وانەگووتنەوە، سەرۆکی بەش، راگر یان بەرێوەبەری سەنتەر، پیشەی تر).**

٢. **گۆراوە شوێنکەوتەکان: بریتی یە لە وەڵامدانەوەی تاکەکانی نموونە بۆ پرسیارنامەی ئینتیمای پیشەیی دوای دڵنیابوون لە ڕاستگۆیی و جێگریی.**

## ئامرازە ئامارییەکان

**بەکارهێنانی ڕێگا ئامارییەکانی وەك: جانتای ئاماری بۆ زانستە کۆمەلایەتیەکان (SPSS) بە بەکارهێنانی ئەمانەی خوارەوە**

١. **ناوەندە ژمێرەیی و لادانی پێوەری و رێژەی سەدی، ناوەند ، (Mean)**
٢. **تاقیکردنەوەی (ت) بۆ دوو گروپی سەربەخۆ (Independent-t-test).**
٣. **ئەلفا کرۆنباخ بۆ زانینی جێگریی و راستگۆیی دەستەواژەکانی پرسیارنامە.**

**فاکتەرەکانی پەیوەندی (Spearman) بۆ دیاریکردنی مەودا و جۆری پەیوەندی گۆراوەکانی توێژینەوە.**

## بەشی چوارەم: شیکردنەوە و خستنەرووی داتاکانی توێژینەوە

**لە ئەنجامی تاقیکردنەوەی گریمانی توێژینەوەکە دەرکەوت ناوەندی بەدەستهێنراو بچوکترە لە ناوەندی گریمانەیی بۆ ئاستی ئینتیمایی پیشەیی لە نێو ئەندامانی دەستەی وانەبێژی لە زانکۆی ڕاپەرین. بەمەش بۆمان ڕوون دەبێتەوە کەوا ئاستی ئینتیمای پیشەیی لە ئاستێکی بەرز دایە خشتەی ژمارە (٢) ئەمە ڕوون دەکاتەوە.**

خشتەی ژمارە (٢) ناوەندە ژمێرەیی و ناوەندی گریمانەیی و لادانی پێوەری بۆ ئاستی ئینتیمای پیشەیی دەستەی وانەبێژانی زانکۆی راپەرین نیشان دەدات

| ن | ژمارەی برگەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | بەهای T. Test | | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ٤٩ | ٢٦ | ١.٨٥٧١ | ٠.٣٧١٧ | ٣ | ٢١.٥٢٣ | ١.٩٦ | ئاماژەدارە |

بۆ زانینی نرخی ئینتیمای پیشەیی، توێژەر ناوەندە ژمێرەیی و لادانی پێوەری و ڕێژەی سەدی و نرخی رازیبوونی پیشەیی بەکارهێناوە، خشتەی ژمارە(٣) ئەمە ڕوون دەکاتەوە

(( کەمتر لە ٥٠٪ تەقدیرەکەی زۆر نزمە، لە ٥٠٪ تا ٥٩.٩٪ تەقدیرەکەی نزمە، لە ٦٠٪ تاوەکو ٦٩.٩٪ تەقدیرەکەی ناوەندە، لە ٧٠٪ تاوەکو ٧٩.٩٪ تەقدیرەکەی بەرزە ، لە ٨٠٪ زیاتر تەقدیرەکەی زۆر بەرزە)).

خشتەی ژمارە (٣)

ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و ڕێژەی سەدی و تەقدیری ئینتمیایی پیشەیی ڕوون دەکاتەوە

| ژ | دەستەواژە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ڕێژەی سەدی | تەقدیر |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | هەست دەکەم ئەو زانکۆیەی وانەی تێدا دەڵێمەوە بەشێکە لەژیانم و زحمەتە لێی دوور بکەومەوە. | ١.٨٥٧ | ٠.٧٦٤ | ٧٨.٥٧١ | بەرز |
| ٢ | بە ڕووخۆشی و ڕەشت بەرزییەوە مامەڵە لەگەڵ خوێندکارەکان دەکەم بۆ پەیداکردنی ناوبانگی باش بۆ خۆم و ئەو زانکۆیەی کاری تێدا دەکەم . | ١.٤٠٨ | ٠.٥٧٤ | ٨٩.٧٩٦ | زۆر بەرز |
| ٣ | هەڵدەستم بە بڵاوکردنەوەی بیری داهێنراو و، گشتاندنی بەسەر خوێندکاراندا، بۆ ئەوەی هاوبەشی بکەن لە دیراسەکردنی و ڕای خۆیان بڵێن لەکاتی پراکتیزەکردنی دا. | ١.٩١٨ | ٠.٨٣٨ | ٧٧.٠٤١ | بەرز |
| ٤ | بەرژەوەندی زانکۆ لە سەرووی بەرژەوەندی کەسیم دادەنێم | ١.٨٥٧ | ٠.٨١٦ | ٧٨.٥٧١ | بەرز |
| ٥ | دەست خۆشی لەو خوێندکارانە دەکەم، کە دەستکەوتێکی ئەکادیمی بە دەست دێنن. | ١.٤٠٨ | ٠.٥٣٧ | ٨٩.٧٩٦ | زۆر بەرز |
| ٦ | باوەڕم بەوەیە کە ئیدارە پیشەیە پشت بە سیستەم و یاساو ڕێنمایی دەمەزراوەیی دەبەستێت. | ١.٦٣٣ | ٠.٨٨٣ | ٨٤.١٨٤ | زۆر بەرز |
| ٧ | هانی ئیفادکردنی ئەندامانی دەستەی وانەبێژی بۆ کۆنگرە و کۆری | ١.٢٨٦ | ٠.٥٠٠ | ٩٢.٨٥٧ | زۆر بەرز |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | ناوخۆیی و دەرەکی دەدەم، بۆ دەستخستنی شارەزایی پەیوەندیدار بە پیشە و پەرەسەندنی. | | | | |
| ٨ | وەك چۆن پارێزگاری لە سامان و دارایی تایبەتی خۆم دەکەم بە هەمان شێوە پارێزگاری لە سامان و دارایی ئەو زانکۆیە دەکەم کە کاری تێدا دەکەم . | ١.١٨٤ | ٠.٣٩١ | ٩٥.٤٠٨ | زۆر بەرز |
| ٩ | لایەنی سۆزداری دووردەخەمەوە، لەکاتی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ کەسانی تر، لەناو زانکۆ. | ١.٥٥١ | ٠.٧٠٩ | ٨٦.٢٢٤ | زۆر بەرز |
| ١٠ | ئەندامی دەستەی وانەبێژی لێپرسینەوەی لێ دەکرێت لەسەر بنەمای توانای لە بەدەستهێنانی ئامانجەکانی نەك لەسەر بنەمای ورد و درشتی شتەکان. | ١.٨٧٨ | ٠.٨٨١ | ٧٨.٠٦١ | بەرز |
| ١١ | ئامادەیی ئەوەم هەیە کە هەوڵێکی زۆر بدەم بۆ سەرکەوتنی کارەکانی ئەو زانکۆیەی کاری تێدا دەکەم. | ١.٩٣٩ | ٠.٩٨٨ | ٧٦.٥٣١ | بەرز |
| ٢١ | داوای کۆمەك لە شارەزاو راوێژکارانی بیانی دەکەم لە چارەسەرکردنی ئەو کیشانەی کە زانکۆکەم رووبەرووی دەبێتەوە. | ١.٥٧١ | ٠.٥٧٧ | ٨٥.٧١٤ | زۆر بەرز |
| ١٣ | سەرکەوتنی ئەو زانکۆیەی کاری تێدا دەکەم زۆر گرنگە بەلامەوە. | ٢.٢٤٥ | ١.١٤٦ | ٦٨.٨٧٨ | ناوەند |
| ٤١ | لەدوای تەواو بووونی وانەبێژیمدا دوا دەکەوم ئەگەر پێویست بکات بۆ تەواوکردنی کارەکانم. | ١.٣٤٧ | ٠.٤٨١ | ٩١.٣٢٧ | زۆر بەرز |
| ١٥ | هەست بە جیاوازییەکی گەورە دەکەم لەنێوان ئامانجە تایبەتییەکانم و ئامانجەکانی ئەو زانکۆیەی کاری تێدا دەکەم. | ١.٦٧٣ | ٠.٦٨٩ | ٨٣.١٦٣ | زۆر بەرز |
| ٦١ | تێبینی هەر سەرنجێك، یان هەر سکاڵایەك دەکەم، کە پەیوەندی بە زانکۆوە، هەبێت و هەست بە کێشەکانی دەکەم ، هەوڵی لێکۆڵینەوە دەدەم و پێشنیار لەبارەیەوە دەکەم. | ٢.٥١٠ | ٠.٩٦٠ | ٦٢.٢٤٥ | ناوەند |
| ٧١ | هەست بە ڕازیبوون دەکەم بەو کارەی ئەنجامی دەدەم. | ٢.٠٢٠ | ٠.٧٧٧ | ٧٤.٤٩٠ | بەرز |
| ٨١ | ئەگەر لە شوێنێکی تر کارێکی ترم پێشکەش بکری و مووچەکەی لەو مووچەیەی ئێستام باشتربێت کارەکەی خۆم جێ ناهێلم بۆ کارە نوێیەکە. | ٢.٥١٠ | ١.٢٧٧ | ٦٢.٢٤٥ | ناوەند |
| ١٩ | بروام وایە بەوەی کە گرنگی دانی کارگێری بە ئەندامانی دەستەی وانەبێژی کارو تێکۆشانی کەسەکان زیاد دەکات لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و بەرزکردنەوەی ئاستیان. | ٢.٩٥٩ | ١.٣٠٦ | ٥١.٠٢٠ | نزم |
| ٢٠ | هەست دەکەم کاریگەریم هەیە لەسەر کۆمەڵگەی لۆکاڵی بەهۆی کارەکەمەوە لە زانکۆ. | ١.٧٧٦ | ١.٠٠٦ | ٨٠.٦١٢ | زۆر بەرز |
| ٢١ | هەست بە چالاکی و کاراییەکی بەرز دەکەم بەوەی کە ئەندامی دەستەی | ١.٨٥٧ | ٠.٧٣٦ | ٧٨.٥٧١ | بەرز |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | وانەبێژیم لە زانکۆی راپەرین. | | | | |
| ٢٢ | لەو باوەڕدام توانیومە لە کارەکەمدا شتی گرنگ بەدەست بهێنم وەك ئەندامێکی دەستەی وانەبێژی زانکۆ. | ١.٧٣٥ | ٠.٧٠٠ | ٨١.٦٣٣ | زۆر بەرز |
| ٢٣ | هەست بە لەناوچوونی وزەکانم دەکەم لەگەڵ کۆتایی دەوام لە زانکۆ. | ٤.٠٠٠ | ١.٠٠٠ | ٢٥.٠٠٠ | زۆر نزم |
| ٢٤ | هێز و توانا دەستەبەر دەکەم کاتێ کەش و هەوایەکی دەروونی خۆش لەگەڵ هاورێکانم بەسەردەبەم لە بەش و لەگەڵ سەرۆکەکانم لەبەرێوەبەرێتی زانکۆ. | ٢.٨٩٨ | ١.١٠٤ | ٥٢.٥٥١ | نزم |
| ٢٥ | بەختەوەریم لەکارەکەمدا دەدرەوشێتەوە، وەکو ئەندامێك لەدەستەی وانەبێژی لەنزیك خوێندکارەکانم. | ١.٨٩٨ | ٠.٦٢١ | ٧٧.٥٥١ | بەرز |
| ٢٦ | ڕووبەرووی فشارێکی زۆر دەبمەوە بەهۆی کارکردنم لەگەڵ کەسانی تر. | ١.٨٧٨ | ٠.٦٩٦ | ٧٨.٠٦١ | بەرز |
| Sum | ئاستی ئینتیمای پیشەیی لە نێو ئەندامانی دەستەی وانەبێژی زانکۆی راپەرین | ١.٩٩٥ | ٠.٣١٠ | ٧٥.١١٣ | بەرز |

لەم خشتەیەی سەرەوەدا دەردەکەوێت کە ئاستی ئینتیمای پیشەیی لای وانەبێژانی زانکۆی ڕاپەرین لە ئاستێکی بەرزدایە کە ناوەندی ژمێرەیی (١.٩٩) کە نزیکە لە (٢) بەرامبەر بە جێگرەوەی رازیم بەرێژەی (٧٥.١١٪ ) کە تەقدیرەکەی بەرزە، لەکاتێکدا برگەکانی(١١،١٤،١٦) تەقدیرێکی ناوەندیان بەدەستهێناوە، لە کاتێکدا برگەکانی (١،٣،٨،٩،٢٥، ٢٦، ١٥،٨١،٢٠) تەقدیری بەرزیان بەدەسهێناوە، وە برگەکانی (٢، ٤،٥، ٦ ،٧،١٠، ١٢،١٣، ١٧،١٩، ٢٢) تەقدیری زۆر بەرزیان بەدەست هێناوە.

دووەم: کاریگەری گۆڕاوە دیمۆگرافیەکان لەسەر ئاستی ئینتیمایی پیشەی لای دەستەی وانەبێژانی زانکۆی راپەرین.

| گۆڕاوەکان | |
|---|---|
| ڕەگەز | نێر |
| | مێ |
| لێهاتووی زانستی | ماجستیر |
| | دکتوراە |
| پلەی زانستی | پرۆفیسۆر |
| | پرۆفیسۆری یاریدەدەر |
| | مامۆستا |
| | مامۆستای یاریدەدەر |
| شارەزایی ئیداری | ٤ چوار ساڵ کەمتر |
| | لە ٥- ٨ ساڵ |

| | |
|---|---|
| | له ٩-١٢ ساڵ |
| | ١٣ساڵ زیاتر |
| مەرکەزی وەزیفی | ئەندامی دەستەی وانەبێژی |
| | سەرۆکی بەش |
| | راگر یان بەڕێوەبەری سەنتەر |
| | پیشەی تر |

**خشتەیژمارە (٤)**

**بەهای مصفوفەی فاکتەری پەیوەندی (Spearman) لە نێوان ئینتیمای پیشەیی ی و فاکتەرە دیمۆگرافیەکان**

| داتا دیمۆگرافیەکان | رەگەز | لێهاتوویی زانستی | پلەی زانستی | شارەزایی ئیداری | پێگەی وەزیفی |
|---|---|---|---|---|---|
| ئینتیمایی پیشەیی | -٠.٠٣٣ | -٠.٢٥٠ | ٠.١٧٢ | -٠.٠٠١ | -٠.١٩٩ |

لەم خشتەیەوە بۆمان دەردەکەوێت کە گۆڕاوە دیمۆگرافیەکان کاریگەریان نیە لەسەر ئاستی ئینتیمای پیشەیی لای ئەندامانی دەستەی وانەبێژی زانکۆی راپەرین. لە خشتەی ژمارە(٤) بۆمان دەردەکەوێت کە پەیوەندیەکی ئاماری ئاماژەدار نیە لە ئاستی ئینتیمای پیشەیی لای ئەندامانی دەستەی وانەبێژی لە زانکۆی راپەرین بەپێی گۆڕاوی رەگەز، کە بەهای فاکتەری پەیوەندی (-٠.٠٣٣) یە. ئەم ئەنجامەش ئاماژەیە بۆ قبوڵی گریمانی سفری پەیوەست بە گۆڕاوی ڕەگەز. بەو مانایەی جیاوازی نیە لە ئاستی ئینتیمای پیشەیی لای نێرو مێ. بە واتایەکی تر ڕەگەز کاریگەری نیە لەسەر ئاستی ئینتیمای پیشەیی لای ئەندامانی دەستەی وانەبێژی زانکۆی راپەرین، ئەمەش ئاماژەیەکی پۆزەتیڤە بۆ زانکۆ کە دەگەرێتەوە بۆ سروشتی سیستەمی پراکتیککراو لە زانکۆ کە سیستەمی زانکۆ جیاوازی ناکات لەنێوان نێر و مێ لە مەنصبە ئیداری و ئەکادیمیەکان لە زانکۆ. هەر لەم خشتەوە بۆمان دەردەکەوێت کەوا جیاوازی نیە لە ئاستی ئینتیمای پیشەیی لای ئەندامانی دەستەی وانەبێژی زانکۆی ڕاپەرین بەپێی گۆڕاوی لێهاتوویی زانستی بەو مانایەی جیاوازی ئینتیمای پیشەیی لە نێوان هەڵگرانی بروانامەی ماستەر و دکتۆرا بەهای فاکتەری پەیوەندی بۆ هەردوو گۆڕاوەکە گەیشتە (-٠.٢٥٠). ئەمەش مانای وایە لێهاتوویی زانستی کاریگەری لەسەر ئینتیمای پیشەیی نیە. ئەوانەی هەڵگری بروانامەی ماستەر و دکتۆران ئینتیمای پیشەییان هەیە بۆ وانەبێژی لەزانکۆی راپەرین. ئەمەش ئاماژەیە بۆ قەناعەتی ئەندامانی دەستەی وانەبێژی بە پیشەی فێرکاری لەزانکۆ. هەر لەم خشتەوە بۆمان دەردەکەوێت کەوا جیاوازی نیە لە ئاستی ئینتیمای پیشەیی لای ئەندامانی دەستەی وانەبێژی زانکۆی راپەرین بەپێی گۆڕاوی پلەی زانستی کە بەهای ئاستی ئاماژەی گەیشتە (٠.١٧٢)، بەهەمان شێوە گۆڕاوەکانی شارەزایی ئیداری کە بەهای ئاماژەیە

گەیشتە (-٠.٠٠١) بۆ پێگەی وەزیفی گەیشتە (-٠.١٩٩). ئەم ئەنجامانەش ئاماژەیە بۆ قبوولی گریمانەی سفری پەیوەست بە گۆراوەکانی (پلەی زانستی و شارەزایی پیشەیی و پێگەی پیشەیی).

دەرئەنجامەکانی توێژینەوە :

١. ئەو ئەنجام و راسپاردانەی کە ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشتووە دەتوانێ یارمەتی دەربێت لە دامەزراندن و پلە بەرزبوونەوەی مامۆستای زانکۆ بۆ چاوخشانەوە بە پێگە و کێشەو داواکارییەکانی.
٢. توێژینەوەکە دەریخست کەوا ئاستی ئینتیمای پیشەیی بەرزە لای وانەبێژانی زانکۆی راپەرین.
٣. هیچ پەیوەندییەکی ئاماری ئاماژەدار لەئاستی (a=0.05) لە ئاستی ئینتیمای پیشەی بۆ گۆراوەکانی( رەگەز، پلەی زانستی، لێهاتوویی زانستی ، پێگەی وەزیفی، شارەزایی ئیداری) نیە

راسپاردەکان:

لە ژێر رۆشنایی ئەو ئەنجامانەی کە توێژەر لەم توێژینەوەیە پێی گەیشتووە ئەم راسپاردانەی خوارەوەی هەیە:

١. پێویستە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی پلانی پەرەپێدانی ئیداری دابنێت کە تێیدا سیستەمی زانکۆکان (راپەرین) نوێ بکاتەوە بەشێویەك پێویستی کارمەندەکان پربکاتەوە. کە ئەمەش دەبێتە هۆی فەراهەم بوونی هۆکارەکانی سەقامگیری و ئاسایشی وەزیفی و دادپەروەری و بابەتیەت.
٢. لیژنەیەك لە زانکۆ پێك بهێنرێت بۆ چاوخشاندن بە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، پاشان سەرۆکایەتی زانکۆ ئەو رێوشوێنانەی کە دەتوانێ ئاستی ئینتیمایی پیشەیی وانەبێژەکانی پێ بەرزتر بکاتەوە بۆ ئەوەی پاڵپشتی لە ئاست بەرزییەکەی بکات. ئەمەش لەرێگەی دابین کردنی پێویستیەکانیەوە دەبێت تاوەکو بگەنە ئاستێکی باشتری رازیبوون.
٣. پێکهێنانی لیژنەیەك لە وانەبێژان لە کۆلێژەکانی زانکۆکانی کوردستان بۆ بەدوا داچوونی بارودۆخی وانەبێژان لە زانکۆکان لەرووی (زانستی، دارایی، ئیداری، پیشەیی کە تێیدا موعاناتی وانەبێژان دەست نیشان بکەن و بەرزی بکەنەوە بۆ لیژنەی ناوەندی لە وەزارەتی خوێندنی باڵا.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: سەرچاوە عەرەبیەکان


١. البپینی، ملیان معیج والعربی ، علی بن سعد (١٩٩٣ ) ، گرق واسالیب تقویم أداو اعچاو هیئه التدریس فی الجامعات السعودیه من وجه نفر عمداو الکلیات ورؤساو الاقسام، مجله جامعه الملك سعود، الریاج المجلد الخامس.
٢. البکری، أمل عبد الرحمن( ١٩٩٠ ) ، درجه إدارك مدیری المدارس الحکومی ومدیراتها للحوافز المقدمه لهم وأر ژلك علی ولائهم التنفیمی، رساله ماجستیر غیر منشوره، جامعه الیرموك، إربد، عمان.
٣. المعانی، أیمن ( ١٩٩٦ ) الولاو التنفیمی ، سلوك منچبگ وانجاز مبدع، مرکز أحمد یاسین، عمان، الآردن.
٤. المعانی، ایمن عوده محمود ( ١٩٩٠ ) اپر الولاو التنفیمی علی الإبداع الإداری لدی المدیرین فی الوزارات الآردنیه، رساله ماجستیر غیر منشوره ، الجامعه الآردنیه، عمان، الآردن.

٥. كامل .م .والبكرى .س ( ١٩٩٠ )، دراسه تحليليه للرجا الوظيفى لأعجاو هيئه التدريس بجامعه القاهره ، مجله الاداره، ٢٣(١).

٦. القريوتى، محمد قاسم ( ٢٠٠١ ) مبادئ الاداره :النظريات والعمليات والوظائف ، دار صفاو للنشر والتوزيع ، دار وائل للطباعه والنشر، عمان، الاردن.

٧. القريوتى ، محمد قاسم ( ١٩٩٧ )السلوك التنظيمى : دراسه السلوك الانسانى الفردى والجماعى فى المنظمات الاداريه، عمان، الاردن.

٨. عورتانى، مأمون عبد القادر ( ٢٠٠٣ ) العلاقه بين الولاو المهنى والنمگ القيادى لدى الإداريين فى وزارات السلگه الوطنيه، رساله ماجستير غير منشوره، جامعه النجاح الوطنيه، نابلس، فلسطين.

٩. عمار، حام( ١٩٩٦ ) ، الجامعه بين الرساله والمؤسسه، مكتبه الدار العربيه للكتاب، القاهره، مصر.

١٠. الطاهر ، يوسف محمد ( ١٩٩٨ ) المشاركه فى صنع القرار التربوى كواقع وتطلعات فى المدارس الحكوميه فى مدارس رام الله والبيره وأثره على الانتماو، رساله ماجستير غير منشوره ، جامعه بيرزيت، فلسطين.

١١. جرباوى، على ( ١٩٨٦ ) الجامعات الفلسطينيه بين الواقع والمتوقع، جمعيه الدراسات العربيه، القدس، فلسطين.

١٢. خطاب،عايده. (٢٠٠١)، العولمه ومشكلات اداره الموارد البشريه.

١٣. هاشم، زكى، ( ١٩٧٩ ) الاتجاهات الحديثه فى إداره الأفراد والعلاقات الإنسانيه، ذات السلاسل للطباعه والنشر، القاهره، مصر.

١٤. دره ، عبد البارى، الهيكليه الإداريه والأكاديميه للتعل.يم الجامعى فى الأردن ندوه التعليم الجامعى فى الأردن الواقع والطموح (٢٠٠١) ،مؤسسه عبد الحميد شومان –المؤسسه العربيه للدراسات والنشر،دار الفارس للنشر والتوزيع ، الأردن ، عمان .


**دووەم: سەرچاوە بیانیەکان:**


١. Ananchai, Kongchan (١٩٨٥). Communication, Job Satisfaction and Organizational Commitment at Business College Faculty. US: Arizona State University.

٢. Carry, Cooper and Denek, Tomington (١٩٧٩). "Strategies for Relieving Stress at Work". Personnel Management, Vol. ١١, No. ٦.

٣. Davis, Keith and Newstrom, John (١٩٨٥). Human Behavior at Work: Organizational Behavior. (٧th Ed.). New York: McGraw Hill.

٤. Marsh, Robert and Mannari, Hirosh (١٩٧٧). "Organizational Commitment and Turnover: A Prediction Study". Administrative Science Quarterly, Vol. ٢٢.

٥. Luthans, Fred (١٩٩٢). Organizational Behaviour. (٦th Ed.). New York: McGraw Hill.

٦. Mowday, Richard and Steers, Richard (١٩٧٩). "The Measurement of Organizational Commitment". Journal of Vocational Behaviour, Vol. ١٤.

٧. Morris, J. and Sherman, J. (١٩٨١). "Generalize Ability of an Organizational Commitment Model". Academy of Management Journal, Vol. ٢٤, P. ٥١٢-٥٢٥.

٨. Hickman, Craig and Silva, Michael (١٩٨٤). Creating Excellence American Library. New York.

٩. Rozenholtz, S. (١٩٩٠). "Workplace Conditions that Affect Teacher Quality and Commitment: Teacher Induction Programs". The Elementary School Journal, Vol. ٨٩, P. ٤.

١٠. Rozenholtz, J. and Simpsom, C. (١٩٩٠). "Workplace Condition and the Rise and Fall of Teacher's Commitment". Sociology of Education, Vol. ٦٣.

١١. Gregersen H. and Stewart (١٩٩٢). "Antecedents to Commitment to a Parent Company and a Foreign Operation". Academy of Management Journal, Vol. ٣٥, P. ١.

# Job Commitment among Teaching Staff Members in the University of Raparin

## Abstract

**This study endeavours to identify the level of job commitment among teaching staff members in the University of Raparin and to demonstrate the role of each of these variables "sex, academic proficiency, qualification, administrative skilfulness, job status" on the level of job commitment among the teaching staff members of the University of Raparin. The entire population of the setting where the research has been made includes ٢٣٦ permanent and temporary teaching members in the academic year ٢٠١٣-٢٠١٤. The subjects of the study are ٤٩ (٣٢٪) academic staff members who have been selected according to stratified random sample from various departments in different faculties and schools of the University of Raparin. To achieve the aims, the researcher has utilized a questionnaire which has been taken from the previous studies and the literature available on education. The questionnaire is composed of ٢٦ statements to measure the level of job commitment by using Arithmetic Mean, Percentages and Spearman Correlation. The study shows that the level of job**

**commitment is high (٧٥.١١٪) among the teaching staff members and it is revealed that there exist no negative relation between job commitment and the demographic factors. The study recommends that the Ministry of Higher Education should plan to develop administration and innovate the system of the universities (Raparin University in particular). The new system should meet the employees' needs which leads to providing the causes of stability, job security, objectivity and justice. Another recommendation which the study makes is that a committee in the university should be formed with the aim to have a glimpse at the results of the present study. Then, the university would do something through which he can raise the level of job commitment of the teaching staff and support this high level of job commitment. This can be done by providing the employees' needs so that they will reach a high level of satisfaction.**